**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.be

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
CAK
chak_org@yahoo.com

# هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستان , پێویستە بە بەرگری جەماوەر و حیزب و حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێکبشکێنرێت

وەك هەموو لایەك ئاگادارەو بۆ هەمووان ڕون ئاشکرایە , ڕژێمی داگیرکەری شۆفینی تورکیا زیاتر لە 4 ساڵە , ڕاستەوخۆ لە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە بە بهانە و بیانووی بوونی بارەگای پارتی کرێکارانی کوردستان هەڕەشەی کردەی سەربازی دەکات لە باشووری کوردستان , وەلێ لە ناوەڕۆکدا پلانێکی ورد و بەرنامە دارێژراوی هەیە بۆ ئەوەی پاشەکشە بە پێشڕەوییەکانی کورد بکات و سنورێك بۆ دەستکەوتەکانی دابنێت , کە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکەوە لە بەرژەوەندی کورد هاتۆتە دی , ئەوە چەند ڕۆژێك لە جاران گەرموگوڕتر کەوتۆتە هەڕەشەی پەلاماردان , دیارە جێگای وەبیرهێنانەوەیە پەیماننامەی ئەنقەرەی 27-9-2007 نێوان تورکیا-عێراق بە بێ ئاگاداری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە پلانەکە , لە دواین پەرەگرتنندا خودی سەرەك وەزیران چرای سەوزی بۆ سوپا هەڵکردووە بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان .

بۆیە پێویستە جەماوەری کوردستان , بە خەڵك و حیزب و حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە , بە چەکدار و سڤیلەوە , بە گەورەو منداڵەوە , یەکگرتووانە لە بەرامبەر ئەم نەخشە گڵاوەی تۆڕانیەکان بوەستینەوە , خاوەندارییەتی لە قەوارەی سیاسی کوردستان و خاکی نیشتمان و مرۆڤی کورد بکەین .

ئێمە وەك ناوەندی چاك لە کاتی هەر پەلامارێکی داگیرکەرانە بۆ سەر کوردستان , سەرباری ئەوەی وەکو ڕابردوو دەنگێکی بوێر و کوردانە و دیار دەبین لە دژی , هاوکات جگە لە سازدانی خۆپیشاندان و بزاڤی جەماوەری , ئامادەیی خۆشمان دەردەبڕین وەك بەشێك لە بەرگری جەماوەری بۆ هەر کارێکی پێویست و گونجاو لە پێناو لە گۆڕنانی پلان و نەخشەی چەپەڵی داگیرکەران . دەبا یەکگرتوو و ساز و ئامادە بین بۆ لە گۆڕنانی نەخشەو پلانی شۆفینییەکان .

**ناوەندی چاك**

2007-10-11

www.chak.be

chak_org@yahoo.com

**تێبینی : تەنها ئەم ئیمەیل و ماڵپەڕەمان هەیە**